## 26ی ڕیبەندان، ڕۆژی کۆمەڵە لە ستۆکهۆڵم ڕێزی لێ گیرا

**ئێوارێی ڕۆژی 27ی مانگی ژانویەی 2007 بە بەشداری زیاتر لە 1000 کەس لە ساڵۆنی گەورەی سۆلنا هاڵێن لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سۆئێد بە ڕەسمی هەمو ساڵێک، مەراسیمی ڕۆژی کۆمەڵە بەڕێوە چو. لە سەرەتاوە یەکێک لە هاوڕێیانی بەڕیوەبەری بەرنامەکە ڕیزی بەرنامەی ئەم شەوەی خوێندەوە بە دوای ئەوەدا دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیانبەخت کردوانی ڕێبازی کۆمەڵە ڕاگەیاندرا. سرودی کۆمەڵە بێدەنگی ساڵۆنەکەی شکاند و هاوڕێیانی بەڕێوەبەری بەرنامە هەرکام چەند شیعر و پەخشانی هەڵبژێردراویان سەبارەت بە کۆمەڵە و گیان بەخت کردوانی کۆمەڵە و بە تایبەتی هاوڕێ حەمە حوسێنی کەریمی خوێندەوە.**

**وتاری ڕۆژی کۆمەڵەی ئەوساڵ لە ستۆکهۆڵم لە لایەن هاوڕێ عەبدوڵلای موهتەدی سێکرێتێری گشتی کۆمەڵەوە پێشکەش کرا. کاک عەبدۆڵلا لە وتارەکەیدا چوە سەر باسی هەل و مەرجی سیاسی ئێران و باسی ئەوەی کرد کە دەوڵەتی ئەحمەدی نیژاد کەوتۆتە ژێر کاریگەری سێ فاکتەری زۆر گرینگ و زۆر چارەنوسسازەوە کە مەترسی زۆریان بۆ ئەو دەوڵەتە پێک هێناوە.**

**یەکەمیان قوڵتر بونەوەی نارەزایەتی لە نێو جەماوەری خەڵکدایە کە هەمو ڕۆژێک ڕو لە زیادبونە، ئابوری ئێران لە هەمیشە زۆرتر توشی ئاستەنگ و گرفت بوە کە ئەوەش بە نۆبەی خۆی نارەزایەتیەکان زۆرتر دەکا. دوهەمیان زۆرتر بونەوەی فشاری دەرەکیە کە خۆی بەرهەمی سیاسەتەکانی ئەحمەدینیژادە، پێ داگرتنی ئەو لە سەر بەرهەم هێنانی چەکی ئەتۆمی و هەڕەشەی دوابەدوای لە ئیسرائیل زەمینە خۆشکەری ئەو وەزعەیە، سێهەمیان کێشەی دەسەڵات لە ناو خۆی ڕێژیمدایە کە قوڵتر و قوڵتر بۆتەوە.**

**کاک عەبدوڵلا لە بەشێکی کە لە وتارەکەیدا و لە باس لە سەر بار و دۆخی سیاسی کوردستان بۆ جارێکی کە پێی لە سەر پێویستی بەرەیەکی کوردستانی داگرت و کوتی کە کۆمەلە لە یەک ساڵی داهاتودا چروپڕتر لە جاران بۆ دروست بونی ئەو بەرەیە تێدەکۆشێ.**

**لە بەشێکی کە لە قسەکانیدا کاک عەبدوڵلا باسی ئەوەی کرد کە گەلی کورد و حیزبە سیاسیەکانی لە بەر دەم ئەزمونێکی نوێدان و ئەوەی کە دەگەڕێتەوە بۆ حیزبی ئێمە ئەوەیە کە دەبێ خۆمان ئامادە کەین بۆ بەرەنگار بونەوەی هەل و مەرجی نوێ، زۆر خۆش بو کە هەمو ئاڵ و گۆڕێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕێگای دەنگ دان و لە سندوقەکانی دەنگ دانەوە بێتە دەرێ، بەڵام بە داخەوە بارودۆخەکە ئەوە نیە و ئێمە هێشتاش هەر پێویستیمان بە حیزبی مونەسەجێم و بە دیسیپلین هەیە. بۆ ئێمە هەمو باسێک لە سەر چاکسازی دەبێ لە سەرەتاوە خزمەت بە**

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئینسیجام و یەکگرتویی بکا. دەورانی حیزبی شۆڕشگێر بە سەر نەچوە وئێمە حەول دەدەین لە کۆمەڵەدا یەکگرتویی و ئینسیجام و دیسیپلین بە هێز کەین.
بە دوای وتاری هاورێ عەبدوڵلادا پەیام و بروسکەی حیزب و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسیەکان بەم چەشنەی خوارەوە خوێندرایەوە و پاش نیو سەعات پشوو دان بەشی دوهەمی بەرنامەکە کە بەشێکی هونەری بو ، بە بەشداری هونەرمەندی ناسراوی گەلی کورد کاک ناسری ڕەزازی و هونەرمەندانی لاو لۆرین، دیلمان و سالار تا سەعات 1ی شەو درێژەی هەبو.

حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی سوید
کومیتەی هاوکاری هێزەسیاسیە کوردو کوردستانییەکان
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
حیزبی دێموکراتی کوردستان- ئێران
پارتی دێموکراتی کوردستان
پارتی سەربەخۆیی کوردستان
PSK- komita Swed
Partiya Demokrata Kurdistan a Bakur- komita Swed
Sekretere Partiya Demoqrati Pesveru kurdi li Surya
حیزبی شیوعی کوردستان-عێراق
یەکێتی ژنانی کوردستان
کۆمیتەی پلاتفۆرمی نەتەوەیی بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان
کانون زندانیان سیاسی ایران در تبعید -واحد سوئد
یەکێتی مامۆستایانی کوردستان - سۆئێد
بەڕێوەبەری ناوەندی بە ساڵا چوو و کەمئەندامانی کورد لە ستۆکهۆڵم
فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لەسوید
پێشمەرگە دێرینەکان لێژنەی ستۆکهۆڵم
بزوتنەوەی ڕێفراندۆمی کوردستان - کۆمیتەی ستۆکهۆڵم

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران- کۆمیتەی ستۆکهۆڵم
Komala_sto@yahoo.se

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com